


ناڵە حەسەن

# شەوێک لە ناوەڕاستی مانگی جۆزەردان



شەوێکی تاریک
وەک تاریکییە قەترانییەکانی
نێو وەهمە دۆزەخیەکانی خودا
شەوێکی درێژ
وەک زەریاکان و
ڕێگا هاتونەهاتەکانی مەنفا
شەوێکی یاخی
وەک یاخیبوونە خۆکوژییەکانی ڕەشەبا
شەوێکی بێباک
وەک بێباکییە ئەسمەرییەکانی سێبەر
شەوێک لەو شەوە برینداراانەی
کە مانگ بۆ چرکەیەک چاوەکانی ناچێتە خەو
ئەستێرەکان بۆ تەنها جارێک چاوەکانیان ناتروکێنن
هەور لە زیکر کردن دانامرکێتەوە

برووسکە بەیەک هەناسە سروودەکانی دەچڕێ
شەوێکی بێئاگا
لە مردنی تیشک و لە سەرخۆشبوونی کات و لە ونبوونی سەوزایی و
لە خێلبوونی چاوەکانی مێشوولە و لە ڕەشەهەڵگەڕانی سەدەفە سپییەکانی شیعر
شەوێک لەو شەوانەی
عەشق دەبێتە هاوکێشەیەکی بێمانا و
ژیان دەبێتە نیگارێکی ئەبستراکتی ڕەش و سپی و
وەرزەکان دەبنە پیرەدارێکی بێ گەڵا و
ڕوناکی دەبێتە پەڕەمووچەیەک بەدەم باوە
گۆرانییە عەبەسییەکانمان بۆ دەڵێتەوە .
شەوێک لەو شەوانەی
مانگەشەو چیتر یادەوەرییەکانی خۆی نانووسێتەوە و
لە نێو بێشکەی مەرگ ڕادەکشێ
شەوێک لەو شەوانەی
ئاگر پێم دەڵێ: دوورکەوە لێم چیتر تۆ لە جنسی من نیت
بەفر پێم دەڵێ: چیتر بە نیگاکانی تۆ مەست نابم
شەقام پێم دەڵێ: پیاسەکانی تۆ لە سەرابە نامۆییەکانی
سەرسینگم دەچن.
شەوێک لەو شەوانەی
خەون و ورێنە سپییەکانی دایکم لە تەنیشتماڵەکانی مەرگ
ڕەشماڵەکانیان هەڵدەدەن
لەم شەوەدا
چیتر باران و گیا لەگەڵ یەکتری جووتنابن
چیتر نەوڕەسەکان نامە پڕ نهێنییەکانی عاشقان ناگەیەنن
چیتر دەلاقەی ژوورەکانمان پڕ ناکەین لە کتێب و شمشاڵ
شەوێک لەو شەوانەی

مرۆڤەکان دەبن
بە نافورە کەسک و سۆرەکانی گوناه و
نیوەی جەستەی من دەبێ بە جەستەی باڵدار و
نیوەکەی تریشم دەبێ بە جەستەی
کچۆڵە کۆچەرییە ڕەنگ خەنەییەکان
ئاسمان نیوەی دەبێ بە هەورەتریشقە و
نیوەکەی تری دەبێ بە تۆز و غوبار
زەریاکان نیوەیان دەبن بە هەڵم و
نیوەکەی تریان دەبێتە پوش و پەڵاش
شەوێک لەو شەوانەی
من بە زمانی ئاگر دەدوێم و
باش بە زمانی ئەهریمەنەکان
لم بە زمانی مەرگ دەدوێ و
گەردەلوولیش بە زمانی فریشتەکان
کەمانچە بە زمانی خۆڵەمێش دەدوێ و
عەشقیش بە زمانی تاریکی
شەوێک لەو شەوانەی
باخچەکانی هەتاو ڕەنگەکانیان لە نێو
کۆڵانەکانی بیابان یەخسیر دەبن
درەختەکانی ئاوەدانی لە نێو کێلگەکانی پەلکەزێڕینە
گەڵاکانیان سەرخۆش دەبن
کڵۆبەفرەکان بە ڕووتی لەسەر شۆستەی شەقامەکان
دەمێننەوە
ژنە شۆخەکانی نێو کۆشکە ڕازاوەکانی بەهەشتیش
لەژێر کەپری دارچرووەکانی نائومێدی
خۆیان حەشاردەدەن



شەوێک لەو شەوە بێدارانەی .
بێدار بێدار
وەک ڕۆحی من و هەناسەکانی مانگ
وەک چاوەکانی ڕووبار و جەستەی شەقام
ئەو شەوە هەموومان
سمۆرەیەکی بێداربووین
لە نێو دارستانێکی بێداردا
هەموومان
وەک کچێنییە بێگەردەکەی حەوا پڕبووین لە گومان و
وەک کوڕێنیە کارێزمایییەکەی ئادەمیش پڕبووین لە تاوان
لەم شەوەدا .. ساویلکانە
فریشتەکانی سەرشانی خۆمانمان کوشت
بخوورەکانی نێو خەیاڵ و خەونە سپییەکانی خۆمانمان
کوژاندەوە
مەرمەزە وشکهەڵاتووەکانی تەمەنمان بەخوێن تەڕ کردەوە
شەوێک لەو شەوانەی
هەموو چیرۆکەکان و ڕۆمانەکان و داستان و
ئەفسانە و بەسەرهاتەکان
بە دابڕان و مردن کۆتاییان دەهات و
هەموو ئافاتەکان و کۆچ و جەنگ و هەرەس و وێرانبوونەکان
یەک بەدوای یەک دووبارە دەبوونەوە و
هەموو گۆڕستانەکان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان و دۆڵ و خەرەند و چاڵەکانیش
ڕووبەرەکانیان بەرینتر و بەرینتر دەبوونەوە
ئای کە مێژوویەکی خوێناوی و کیشوەریکی بورکانی و قەدەرێکی نابینا و
خۆرهەڵاتییەکی بریندار بوو ئەم شەوە... !

جۆزەردانی ٢٠٠٨